# هەستن با پێشنوێژیتان بۆ بکەم

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «داپیرێکی بەناوی مولەیکە بانگهێشتی پێغەمبەری خودای کرد -صلی الله علیه وسلم- بۆ هەندێک خواردن کە دروستی کردبوو، ئەویش لێی خوارد، وپاشان فەرمووی: «هەستن با پێشنوێژیتان بۆ بکەم؟»، ئەنەس دەڵێت: هەستام ورایەخێکی خۆمانم بۆی هێنا ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕا بوو بەهۆی درێژی ماوەی بەکارهێنانی، ئاوم پرژاند بەسەریدا، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەسەری وەستا ومن وهەتیوێک لە پشتیەوە وەستاین، وئافرەتە بەتەمەنەکە لە پشتمانەوە وەستا، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دوو ڕکات پێشنوێژی بۆ کردین، وپاشان ڕۆیشت». ولە گێرانەوەی (مسلم)دا: «پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێشنوێژی بۆ خۆی ودایکی کرد، وئەوی لە لای ڕاستی دانا، وئافرەتەکە لە پشتیانەوە وەستا».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

مولەیکە -ڕەزای خوای لێبێت- بانگهێشتی پێغەمبەری کرد -صلی الله علیه وسلم- بۆ خواردنێک کە ئامادەی کردبوو، ئەویش چونکە لە ئەوپەڕی سادەیی -تواضع- وڕەوشت جوانیدا بوو، وسەرەڕای ئەوەی چەندێک ڕێزدار وپلەی بەرز بوو لەگەڵ ئەمانەشدا وەڵامی داوەتکردنی هەموو کەسێکی دەدایەوە بچووک وگەورە، پیاو وئافرەت، فەقیر وهەژار، ومەبەستی گەلێک ئامانجی مەزن بوو لە وەڵامدانەوە لەوانەش: بۆ ڕاکێشانی دڵی ئەوانەی بانگی دەکەن بەرەو ئاینی ئیسلام وهەروەها فێرکردنیان، ووەڵامی ئەم بانگهێشتەی دایەوە ولە خواردنەکەی خوارد وپاشان ئەم هەلەی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی تاکە لاوازەکان فێر بکات کە زۆرجار ناتوانن ئامادە بن لە دانیشتنە پیرۆزەکاندا، وفەرمانی پێکردن کە هەستن بۆ ئەوەی پێشنوێژیان بۆ بکات، وفێری چۆنیەتی نوێژ ئەنجامدان ببن، وئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- ڕاخەرێکی کۆنی هێنا کە ڕەش هەڵگەڕا بوو بەهۆی زۆر مانەوە وبەکارهێنانەوە، وبە ئاو شۆردی، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەسەری وەستا بۆ ئەوەی پێشنوێژیان بۆ بکات، وئەنەس ومنداڵێکی هەتیو لە پشتیەوە ڕیزیان بەست بۆ نوێژکردن، وئافرەتە بەتەمەنەکەش -کە بانگهێشتی کرد- لە پشتی ئەنەس ومنداڵە هەتیوەکەوە وەستا بۆ ئەوەی نوێژ بکات، ودوو ڕکاتی ئەنجامدا، وپاش بانگەوای کرد وفێریانی کرد -صلی الله علیه وسلم- ڕۆیشت، وخوای گەورە مینەت ونیعمەتی خۆی ڕژاندە سەر ئێمە بە شوێنکەوتنی لە وتەکانی وکردەوەکانیدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3324

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee